پەیـــام یەکێك لە یاریزانـــە بەتواناکانی یاریی تۆپی باسکەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ماوەی چەند ســـاڵێکە لە ریزی تیپی باسکەی یانەی سیروانی نوێ خەریکی وەرزش کردنە و لە ماوەی ڕابردووشدا چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەســـت هێناوە لەســـەر ئاســـتی کوردستان و

## پەیام ئەحمەد:

# بەهیچ شێوەیەک خـــــ

دیمانە : کارزان کانەبی




***چۆن بوو، هاتیە نێو دنیای یاریی باسکە؟**

- حەز و ئارەزووم بۆ یاریی باســـکە، هۆکاری ســـەرەکیم بوو بۆ هاتنە نێو یاریی باسکە کە تاکو ئێستاش لەگەڵ ئەم یارییە بەردەوامم.

*** ئاستی یاریی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی ؟**

- بە بۆچوونی من یاریی باســـکە لە چاو جاران پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆییـــەوە بینیوە لە کوردستان، بەڵام هێشـــتا ماومانە بگەینـــە لوتکەی ئاســـتەکە. بەڵام بە گرنگـــی دانی زیاتری وەرزش دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ پێشکەوتنی وەرزش بەگشتی لە کوردستان.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە سلێمانی لە چ ئاستێکە؟**

- لە شـــارەکەی خۆشـــمان لە ئێســـتادا گەنج و لاوان لە جاران زیاتـــر روو لە یاریی باســـکە دەکەن و یانەکەی ئێمەش پشـــتگیری باشی ئەم یارییەیە.



**عێراق، پەیـــام لە پاڵەوانێتیـــی یانەکانی عەرەبی لە وڵاتی ئیمارات توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکەی پێشـــکەش بکات و ببێتە مایەی سەرنجی تیپەکانی ئەو وڵاتە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری ســـلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرســـیارێکمان ئاراستەی کرد.**

# ـــــوێندن ڕێگە لە وەرزشکردنم ناگرێت

***پێت باشە چی بکرێت،بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- کردنـــەوەی پاڵەوانێتیی زیاتر بـــۆ ئێمەی یاریزانان وهاندانی زیاتری کچان بۆ چوونە نێو وەرزش و بەرپرسان زیاتـــر یارمەتی یاریزانان بدەن بۆ بـــەردەوام بوونیان لە وەرزش کردن کردنەوەی کەمپی مەشـــقی و ئەنجامدانی یاریی دۆستانە لە دەرەوە وبەشداری کردن لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چین؟**

- چەندین ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە لەگەڵ یانەی ســـیروانی نوێ و دەست نیشـــان کردنم بۆ هەڵبژاردەی قوتابخانەکانی عێراق و بەشداری کردنم لە پاڵەوانێتییەك لە وڵاتی کوێت لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق.

***لەئێستادا بەرنامەت وەکو یاریزانێك چییە ؟**

- مەشق کردنی بەردەوامم وەکو یاریزان بۆ خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتییەکان و پێشـــکەش کردنی ئاستێکی بەرزتر لە جاران.

***کێشەو گرفتتان وەکو یاریزان لەم یارییەدا چییە ؟**

- کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی پێویستە بە خۆمان بۆ ئەوەی مەشقەکانمان بە ڕێکی تێدا ئەنجام بدەین، ئەگەر ئەم یاریگا تایبەتەمان بۆ دروست بکرێت بەشێکی زۆر لە کێشەکانمان چارەسەر دەبێت.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکیان وەرزشوانە ؟**

- بەڵێ ئێمە خانەوادەیەکی وەرزشـــوانین و خوشکێکم وەرزش دەکات و لـــە ماڵەوەش زۆر هاوکاریمان دەکەن بۆ وەرزش کردن.

***خانەوادەکەت لە وەرزش کردنت ڕێگرێت لێ ناکەن؟**

- بـــە پێچەوانەوە بە هەموو شـــێوەیەك خانەوادەکەمان پاڵپشـــت و پاڵنەرمانن بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە وەرزش کردن، ئەوان هۆکاری ســـەرەکین بۆ بەردەوام بوونی ئێمە وەکو یاریزان لە یارییەکان.

*** کەواتە هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك ؟**

- زیاتر بەرەو پێشبردنی وەرزشە لە کوردستان بتوانین لە ڕێگای وەرزشەوە کوردستان بە جیهان بناسێنین، ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین بۆ وەرزشی کوردستان.

***وەرزش کردن ڕێگری لە خوێندنت ناکات ؟**

- بەڵێ تا ڕادەیەك کاتم لێ دەگرێ، بەڵام ئەگەر تۆ بەنیازی ئەوە بێت لە هەردووکیان سەرکەوتوو بێت دەبێ بەرنامەیەکی تایبەتی بۆدابڕێـــژی و بۆ ئەوەی خۆت بتوانێ سەرکەوتوو بیت لە هەردوو بوارەکە.

***هیچ یانەیەك داوای لێ کردوویت یاری بۆ بکەی؟**

- تاکو ئێستا نەبووە.

***یانەکەت هاوکاریتان دەکەن ؟**

- بەڵێ هاوکارمانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بە هاوکاریی زیاترە لەم یارییە.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانان و ناساندنیان، بەڕاستی خزمەتێکی باش بە پرۆسەی وەرزش دەکەن لە کوردستان.




## مان سیتی: ئەگویرۆ بۆ فرۆشتن نییە




# ڤینگەر بیر لە بالۆتیلی دەکاتەوە

بەرپێوەبەری هونەری یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی ئارسن ڤینگەر بیر لەبەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی یانەی میلان و ئیتالیا ماریۆ بالۆتیلی دەکاتەوە دوای ئەوەی یانەکەی ئامادەیی خۆی راگەیاند بۆ فرۆشتنی ئەو یاریزانە لەبەرامبەر ٣٠ ملیۆن پاوەند لەوەرزی گواستنەوەی هاوینەدا . ئەمـــەو بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانیەکان کە رۆژنامـــەی دیلی تلگراف بڵاویکردۆتەوە ڤینگەر دوای ئەوەی گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی هەوڵەکان بۆ بەدەست هێنانی سیسك فابریگاس گەیشتۆتە بنبەست لەئێستادا بیر لەهێنانی یەك لەدوو هێرشبەر دەکاتەوە کە ئەمانیش بریتین لە لویك ریمی هێرشبەری یانەی نیوکاسڵ یاخود ماریۆ بالۆتیلی هێرشبەری یانەی میلانی ئیتاڵی.



# بەرشلۆنە بیر لە یاریزانێکی فەرەنسی دەکاتەوە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بەردەوامە لەپەیوەندیەکانی لەگەڵ یانەی ڤالنسیا لەپێناو گەیشتن بەرێکەوتن بۆ گواستنەوەی بەرگریکاری فەرەنسی جیرمی ماتیۆ بۆ یانە کەتالۆنیەکە. لەمبارەیەوە پێگەی فتبۆڵی ئیسپانی بەناوبانگ بڵاویکردۆتەوە سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە جۆزیب بارتۆمیۆ پەیوەندی بە سەرۆکی یانەی ڤالنسیا کردوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی دەست بەدانووستان بکەن بۆ بەدەست هێنانی تواناکانی ئەم یاریزانە. لەلایەن خۆشیەوە بەڕێوەبەری هونەری نوێی یانەی بەرشلۆنە لویس ئەنریکی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەگرنگیدان بەتواناکانی ئەو بەرگریکارە فەرەنسیەو دووپاتی کردەوە ئەم یاریزانە زۆر گونجاوە بۆ یانەکەی کەتەلۆنیا. شایەنی باسە لەپێشتردا یاریزانی ناوبراو دەست پێشخەریەکی یانەی بایەرن میونشن ڕەتکردەوە بەڵام لەئێستادا ئەم پرۆژەیە جیاوازە، چونکە بەرشلۆنە یانەیەکی بەناوبانگەو پێشبینیش دەکرێت بڕی گرێبەستەکەی کەمتر نەبێت لە بیست ملیۆن یۆرۆ



یانەی مانچستەر ستی رایگەیاند یاریزانی ئەرژەنتینی و ئەستێرەی تیپەکەی سێرجیۆ ئەگویرۆ لەوەرزی گواستنەوەی هاوینە بۆ فرۆشتن نیە بەهیچ شێوەیەك. لەمبارەیەوە رۆژنامەی مارکای ئیسپانی بەیاننامەیەکی یانەی مانچستەر ستی بڵاوکردەوە و بەهۆیەوە دەرگاکانی لەبەردەم هەوڵەکانی یانەی بەرشلۆنە داخست بۆ بەدەست هێنانی تواناکانی ئەم هێرشبەرە بەتوانایە و هاوڕێی نزیکی لیۆنیل میسی. ئەمەو لەبەیاننامەکەدا یانەی مان ستی روونیکرۆدتەوە سێرجیۆ ئەگویرۆ یاریزانێکی سەرەکیە لەپلانەکانی داهاتووی یانەکە، بۆیە ئەم یاریزانە بە هیچ شێوەیەك بۆ فرۆشتن نییە و تەنیا بارودۆخیش گۆرانکاری بەسەر هەڵوێستی یانەکە بکات هەڵوێستی خودی یاریزانی ناوبراوە ئەگەر خودی خۆی بە نوسراوێك داوای رۆیشتن بکات. ئەمەو بەپێی ئەم بەیاننامە یانەی مانچستەر ستی گورزێك بوو بۆ هیواکانی بەرشلۆنە کە بەپێی دوایین راپۆرتەکان ئەگویرۆ یەکێك بووە لە کارە سەرەکیەکانی هێلی هێرش بردن بۆ یانەی بەرشلۆنە

# بۆفۆن لە کریستیانۆ دەترسێت



گۆڵپارێزی بەناوبانگی جیهانی و یانەی یۆڤنتۆس و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا جان لویجی بۆفۆن دانی بەوە داناوە کە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی یەکێك بووە لەو یاریزانانەی ترسێکی زۆری لێی هەبووە لەسەر یاریگا. هەروەها بۆفۆن بە رۆژنامەی لاریبۆبلیکا روونیکردۆتەوە کە ئەو یاریزانانەی زۆر پێی سەرسام بووە هەریەکە لە پاولۆ رۆسی و شمایکەل بووە و ئەو یاریزانەشی کە زۆر بەلایەوە سەرنج راکێش بووە بیروتزی و ئەنتۆنیۆلی و بالیۆکاو تۆلدو و ڤان دیر سارە. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بۆ کرد ئەو یاریزانەی کە زۆر ترسی لێیان هەبووە رۆنالدۆ نازاریۆ و کریستیانۆ رۆناڵدۆ و کریستیان ڤیری و لیۆنیل میسی بووە. لەلایەکی ترەوە بۆفۆنی تەمەن ٣٦ ساڵ لەبارەی رێگای راهێنانەکانیەوە رایگەیاند زۆر گرنگی دەدات بەکارە هونەریەکان وهۆشیاری لەپێکان و چالاکی لەنێو یاریگا داخراوەکان .




# ١٠ گرانترین یاریزانی جیهان بەش

راپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

١- خیسۆس ناڤاس یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی ئیسپانیا نرخەکەی ٢٠ ملیۆن یۆرۆیە، لە دوو مانگی رابردوودا تووشی پێکانێکی سەخت هات، هەوڵی دا لەم ماوەیەدا چارەسەری پێکانەکەی بە خێرایی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری جامی جیهانی بێت، بەڵام دیل بۆسکی بڕیاری دوورخستنەوەی دا بەهۆی ئامادەنەبوونی لەرووی جەستەییەوە.

٢- ئەلڤارۆ نێگرێدۆ یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی ئیسپانیا نرخەکەی (٢٥) ملیۆن یۆرۆیە، راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا دیل بۆسکی بڕیاری دوورخستنەوەی ئەم ئەستێرەی دا و لە شوێنی ئەو تۆریس و کۆستا و دیڤید ڤیا یاریی پێ دەکات، هەرچەندە تۆریس لەگەڵ چێلسی لە وەرزی ئەمساڵدا وەکو پێویست نەبوو بە پێچەوانەی نێگرێدۆ.

٣- سەمیر نەسری یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی و هەڵبژاردەی فەرەنسا نرخەکەی (٢٧,٥) ملیۆن یۆرۆیە.

دوورخستنەوەی ئەم یاریزانە لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی فەرەنسا بە بڕیاری راهێنەر دیدیە دیشامپ بووە، دیدیە دیشامپ هۆکاری دوورخستنەوەی ئەم یاریزانە راگەیاند، کە بە بۆچوونی ئەو سەمیر نەسری کێشە زۆر دروست دەکات، چونکە حەز ناکات لەسەر کورسی یەدەگ دانیشێت.

٤- سۆلدادۆ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی تۆتنهام نرخەکەی (٣٠) ملیۆن یۆرۆیە.
ئەم یاریزانە لە وەرزی ئەمساڵدا نەیتوانی بوونی خۆی بسەلمێنێت لەگەڵ یانەکەی، بۆیە دوورخستنەوەی لەلایەن دیل بۆسکی شتێکی ئاسان و چاوەڕوانکراو بوو.

٥- ئیسکۆ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید نرخەکەی (٣٠) ملیۆن یۆرۆیە.

ئەم یاریزانە لە وەرزی ئەمساڵدا ئاستێکی بەرزی لەگەڵ ریال مەدرید پێشکەش کرد هەرچەندە لە رووی تەمەن بچووکە، بەڵام دیل بۆسکی بڕیاری دوورخستنەوەی ئەم یاریزانەی دا تاکو سوود لە یاریزانە بە ئەزموونەکان وەربگرێت.

٦-ئیرێك لامیلا یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی تۆتنهام نرخەکەی ٣٠ ملیۆن یۆرۆیە.
ئەم یاریزانە لە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دوورخرایەوە بە بڕیاری راهێنەر.

٧-مارکوینهۆس یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی پاریس سان جێرمان نرخکەی (٣٠,٤) ملیۆن یۆرۆیە.

**وا بڕیارە لەم مانگەدا یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤ لە وڵاتی بەرازیل دەست پێبکات بە بەشداریکردنی زۆربەی هەڵبژاردە بەهێزەکانی جیهان، بەڵام لەم مۆندیالەدا بینەران و هەوادارانی تۆپی پێی جیهانی بێبەش دەبن لە بینینی چەند ئەستێرەیەکی دیاری تۆپی پێ لە جیهان، لەبەر**




# داری لە جامی جیهانی ٢٠١٤ دا ناکەن

**چەندین هۆکار وەکو پێکان یاخود دوورخستنەویان لە لایەن راهێنەر یانیش سەرنەکەوتنی هەڵبژاردەکانیان بۆ جامی جیهانی، ئەم راپۆرتەی خوارەوە تیشك دەخاتە سەر دوورخستنەوەی ١٠ گرانترین یاریزانی جیهان، کە نرخی ئەم ١٠ یاریزانە دەگاتە (٣١٥) ملیۆن یۆرۆ، بەم شێوەیە:**

ئەم یاریزانە لە یانەی پاریس سان جێرمان ئاستێکی باشی پێشکەش کرد، بەڵام تووشی پێکان هات نەیتوانی دوای گەڕانەوەی لە پێکان شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی یانەکەی بکاتەوە، بۆیە راهێنەر سکۆلاری بڕیاری دوورخستنەوەی دا.

٨-ئەسییر یاراماندی یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید نرخەکەی (٣٩) ملیۆن یۆرۆیە.

ئەم یاریزانە لە یانەی ریال مەدرید نەیتوانی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی بکاتەوە بەهۆی تەمەن بچووکی، هەروەها نەبوونی ئەزموون، ئەمەش وای لە دیل بۆسکی کرد کە لە پێکهاتەی سەرەکی دووریبخاتەوە.

٩- لۆکاس مۆرا یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی پاریس سان جێرمان نرخەکەی ( ٤٠) ملیۆن یۆرۆیە.

دوورخستنەوەی ئەم یاریزانە لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی بەرازیل لە لایەن سکۆلاری جێگەی سەرنج بوو، چونکە ئەم یاریزانە بە درێژایی ساڵ لەگەڵ یانەکەی بەشداری لە یارییەکانی دەکرد و ئاستێکی بەرزی پێشکەش دەکرد و گشت چاودێران دڵنیابوون لە بەشداریکردنی لە مۆندیال، بەڵام لیستی کۆتایی سکۆلاری ئەم یاریزانەی تێدا بەدی نەدەکرا.

١٠- خافییر باستۆری یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی پاریس سان جێرمان نرخەکەی (٤٢) ملیۆن یۆرۆیە.

ئەم یاریزانە لە سەرەتای خولەکانی ئەورووپا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد، بەڵام بەهۆی بەردەوام نەبوونی لە یاریکردن ئاستی بەرەو دابەزین رووی ئەمەش بووە هۆکاری دوورخستنەوەی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە مۆندیال.

جگە لەم یاریزانانە چەندین ئەستێرەی دیکە بەشداری لە مۆندیالدا ناکەن، بەهۆی پێکانەوە، (فالکاو) لە هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا و (مۆنتیلیڤیۆ) لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و (ڤاڵدیس) لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا و (ڤان دێر ڤارت) هەڵبژاردەی هۆڵەندە، بەهۆی سەرنەکەوتنی هەڵبژاردەکانیان بۆ مۆندیال (ئیبراهیمۆڤیچ)لە هەڵبژاردەی سوید و (کاریس بێڵ) لە هەڵبژاردەی وێلز، یان بەهۆی بانگهێشت نەکردنیان بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان وەك (تیڤێز) لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین.